**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**
**بەناوی گەلەوە**
**ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان ـ عێراق**
**ژمارەی بڕیار: ٢٩**
**ڕۆژی بڕیار: ٢١/١٠/١٩٩٧**

## بڕیار

بەپێی حوکمەکانی بڕگە (١)ی مادده (٥٦) لە یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ و لەسەر داوای وەزیری ناوخۆو بە ڕەزامەندیی ئەنجوومەنی وەزیران، ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی ڕۆژی ٢١/١٠/١٩٩٧دا ئەم یاسایەی دەرکرد:

## یاسای ژمارە (٧)ی ساڵی ١٩٩٧
## یاسای یەکەم هەموارکردنی یاسای وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی کوردستان ـ عێراق ژمارە (٩)ی ساڵی ١٩٩٣

**ماددەی یەکەم:**

ئەمە دەخرێتە سەر کۆتایی ماددەی چوارەم و دەبێتە بڕگە «و»ی ئەم ماددەیە، بەم شێوەیە:

(و): کۆلیژی پۆلیس: بەڕێوەبەرەکەی (ڕاگری کۆلیژ) بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی دەبێ بە مەرجێ ئەفسەری پۆلیس بێ و پلەکەشی لە عەقید نزم تر نەبێ و بروانامەی هەردوو کۆلیژی پۆلیس و یاسای هەبێ، ئیش وکارەکانی ئەم کۆلیژە بەپێی یاسایەکی تایبەت ڕێک دەخرێت.

**ماددەی دووەم:**

ئەنجوومەنی وەزیران دەبێ حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکات.

**ماددەی سێیەم:**

ئەم یاسایە لە مێژووی بڵاوبوونەوەیەوە لە ڕۆژنامەی ڕەسمیدا کاری پێ دەکرێ.

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی**
**کوردستان ـ عێراق**

---

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**
**بەناوی گەلەوە**
**ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان ـ عێراق**
**ژمارەی بڕیار: ٣٠**
**ڕۆژی بڕیار: ٢١/١٠/١٩٩٧**

## بڕیار

بەپێی حوکمەکانی بڕگە (١)ی مادده (٥٦) لە یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ و لەسەر داوای ئەنجوومەنی وەزیران، ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان ـ عێراق لە دانیشتنی ڕۆژی ٢١/١٠/١٩٩٧دا ئەم بڕیارەی خوارەوەی دەرکرد:

١. ئەنجوومەنێکی کاتیی بۆ سەندیکای پزیشکانی کوردستانی عێراق دادەمەزرێ و هەموو دەسەڵاتێکی یاسایی و دارایی و کارگێڕیی پێدەدرێ کە لە یاسای سەندیکای ناوەندیی پزیشکان ژمارە (٨١)ی ساڵی ١٩٨٤ی هەموارکراودا هاتووە.

٢. ئەو ئەنجوومەنە نوێنەرایەتی سەندیکای پزیشکانی کوردستانی عێراق دەکات و هەموو چالاکییەکانی ئەنجام دەدات تا ئەو کاتەی یاسایەکی تایبەتیان بۆ دەردەچێ.

٣. ئەبێ وەزیرە تایبەتمەندەکان حوکمەکانی ئەم بڕیارە جێبەجێ بکەن.

٤. کار بە هیچ دەقێکی هاودژی حوکمەکانی ئەم بڕیارە ناکرێ.

٥. ئەم بڕیارە لە ڕۆژی بڵاوبوونەوەیەوە لە ڕۆژنامەی ڕەسمیدا کاری پێ دەکرێ.

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی**
**کوردستان ـ عێراق**